لە تارانتینۆ تا نۆلان گشتێک بە جیهانی پۆستمۆدێرندا.. باکە ڕەبوار

لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە، سینەما وەک هونەر و پیشەسازی، گۆڕانکاریی بنەڕەتی بەخۆیەوە بینی لەئەنجامی دروستبوونی ئەوەی ئەمڕۆ بە "سینەمای پۆستمۆدێرن" ناسراوە، ئەم جۆرانەوە هونەرییە لە شێستەکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستی پێکرد و لە حەفتا و هەشتاکانی ئەو سەدەیەدا گەشەی کرد، نەک تەنها شێوەی دروستکردنی فیلمی گۆڕی، بەڵکو بنەمای فەلسەفی ئەو بیرکارانەی ئەم هونەرەی لەسەر دامەزراوە دووبارە پێناسە کردەوە، ئەگەر سینەمای کلاسیک بە دوای یەکگرتوویی، ڕاستگۆیی، و گۆڕانەوەی لینیاری دەگۆڕا، سینەمای پۆستمۆدێرن بە ئاشکرا ئەم بنەمایانەی ڕەت کردەوە و لەبری ئەوە بایەخیدا بە پارچەپارچەبوون، خەناسینی، و شکاندنی سنووری ئیستاتیکیەکان،

پۆستمۆدێرنیزم وەک بزووتنەوەیەکی فەلسەفی و کلتووری، گرنگی تایبەت بە چەمکی نوێنەرایەتی، ڕاستی، و دەستەبات دەدات، لە سینەمادا، ئەم هەنگاوە واتای ئەوەی بوو کە فیلمسازەکان دەستیانکرد بە پرسیارکردن لە بنەمایانەی سینەمای کلاسیک لەسەری دامەزرابوو، لەبری ئەوەی بەدوای دروستکردنی "پەنجەرەیەک بە دنیا"دا بگەڕێن، وەک چۆن نەریتی سینەمای کلاسیک بوو، فیلمسازە پۆستمۆدێرنەکان دەستیان کرد بە دروستکردنی کارەکان، بە ئاشکرا خۆیان وەک دروستکراو، ساختە، و "تەنها فیلم"یان ناساند،

یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی سینەمای پۆستمۆدێرن بەکارهێنانی "pastiche"ـە، واتە تێکەڵکردن و لادانی شێوازە جیاوازەکان ئەمە لە "parody"ـی کلاسیک جیاوازە، چونکە pastiche بە خۆشەویستی و ڕێزەوە تەماشای کلتووری ڕابردوو دەکات، نەک بە مەبەستی گاڵتەپێکردن، نموونەیەکی گرنگی ئەم تایبەتمەندییە لە کارەکانی کوێنتین تارانتینۆدا دەبینین، بەتایبەتی لە فیلمی "Pulp Fiction" (1994)دا، تارانتینۆ بە شێوەیەکی تەواو خۆشەویستانە ئاماژە بە فیلمە crime و noir و B-movieکانی شێست و حەفتاکان دەکات، بەڵام لەهەمان کاتدا شێوازێکی تەواو نوێ و تایبەت بە خۆی دروست دەکات،

ئینتەرتەکستوالیتی(Intertextuality) یەکێکی تر لە چەمکە سەرەکییەکانی سینەمای پۆستمۆدێرنە، ئەم واتای ئەوەیە هەموو تەکستێک، فیلمێک، پەیوەندی بە تەکستی تروە هەیە و مانای تەواو تەنها لە ڕێگەی ئەم پەیوەندییانەوە دەست دەکەوێت، فیلمە پۆستمۆدێرنەکان بە ئاشکرا ئاماژە بە فیلمی تر، کتێب، وێنە، موزیک، و هەموو شتوێکی تری هونەر دەکەن، ئەم تایبەتمەندییە بە شتوێکی زۆر بەرچاو لە کارەکانی کەین برازێرزدا دەردەکەوێت، بەتایبەتی لە فیلمەکانی وەک "Barton Fink" (1991) و "The Big Lebowski" (1998)دا، پێن لە ئاماژە و ڕاوانکردن بە فیلم، ئەدەبیات، و کلتووری پێپی ئەمریکی،

ناراتیفی مەتا (Meta-narrative) چەمکێکی تر کە لە سینەمای پۆستمۆدێرندا زۆر گرنگە، ئەم جۆرە فیلمانە نەک تەنها چیرۆک دەگێڕنەوە، بەڵکو سەبارەت بە خودی پرۆسەی چیرۆکگێڕانەوەش دەدوێن، ئەوان بە ئاشکرا خوێنەر وەک فیلم دەناسێنن و لەگەڵ بینەردا سەبارەت بە سروشتی سینەما و نوێنەرایەتی دەدوێن، نموونەیەکی نایاب ئەم فیلمی "Being John Malkovich" (1999)ـی چارلی کافمانە، نەک تەنها چیرۆکێکی سەیر و سەمەرە دەگێڕتەوە، بەڵکو بە شتوێکی قوو سەبارەت بە سروشتی ناسنامە، هونەر، ناوبانگ دەدوێت، فیلمەکە بە ئاگایی تەواو لەگەڵ ئەوە یاری دەکات ئێکتەرێکی ناستەقینە، جۆن مالکۆڤیچ، ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت، و ئەمەش یەکێکە لە باشترین نموونەکانی شکاندنی سنوور لە نێوان ڕاستی و خەیاڵ،

گۆڕینی سروشتی کات و شکاندنی linear narrative یەکێکی تر لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی سینەمای پۆستمۆدێرنە، لەبری ئەوەی چیرۆک بەو شتوازە ئاساییە بگێڕدرێتەوە کە سەرەتا، ناوەڕاست، و کۆتایی هەبێت، فیلمە پۆستمۆدێرنەکان زۆرجار بەشتوەی نالینیاری، بە پاشگێڕانەوە لە کات، دووبارەبوونەوە، یان تێنانێت بە شتوەی بازنەیی چیرۆک پێشکەش دەکەن، نموونەیەکی بەرچاو، فیلمی ""Memento 2000))ـی کرستۆفەر نۆلانە، ئەم فیلمە چیرۆکێکی بە شتوەیەکی پێچەوانە دەگێڕێتەوە، واتە لە کۆتاییەوە بە سەرەتا، و ئەمەش نەک تەنها وردەکاری تەکنیکی نییە، بەڵکو بەشتکی سەرەکییە لە چۆنیەتی تێگەیشتنی بینەر لە بارودۆخی کارەکتەرە سەرەکییەکە، کە کێشەی کورتخایەنی مەشکی هەیە،

کۆنتین تارانتینۆ یەکێکە لە ناسراوترین و کاریگەرترین دیرەکتەرانی سینەمای پۆستمۆدێرن. کارەکانی، بەتایبەتی "Pulp

Fiction”، نموونەی تەواوی زەربەی تایبەتمەندیەکانی ئەم بزوتنەوەیەن “Pulp Fiction” لە سێ چیرۆکی جیاواز پێکهاتووە کە بە شێوەیەکی نالینیاری پێکەوە گرێدراون، هەر چیرۆکێک لەم سێیە ئاماژە بە ژانرێکی جیاوازی سینەمایی دەکات – ژانری crime، mob، gangster movie – بەڵام تارانتینۆ ئەم ژانرانەی بە شێوەیەک تێکەڵ کردووە، ئەنجامەک دروست بووە، هەم ئاشنا و هەم بێگانەیە،

دیالۆگەکانی فیلمەکە، کە پڕن لە باسی پێپ کولتوور، فیلمی B، و ژینگەی ئەمریکی، بە ئاگایی تەواو لۆگۆ ئاوە یاری دەکەن کە بینەر چاوەڕوانی دەکات، یەکێک لە بەناوبانگترین سکینەکانی فیلمەکە، گفتوگۆکەی Vincent Vega و Jules Winnfield سەبارەت بە جیاوازی ناوی بارگەر لە ئەوروپا و ئەمریکا، نموونەیەکی تەواوە لە چۆنیەتی ئاوەژووکردنەوەی سینەمای پێستمەدێرن گرنگی بە شتە بچووک و “بە گرنگ”ەکان دەدات و لێیان وەک ڕۆگەیەک بۆ خستنەڕووی دیمەنێکی فراوانتری کلتووری کەڵک وەردەگرێت،

دەیڤید لینچ دیرەکتەرێکی ترە، کاری لە سنووری نێوان خەون و ڕاستی، هۆش و شێتی، پیشاندان و شاردنەوە دەکات، فیلمی “Mulholland Drive” (2001)ـی یەکێکە لە باشترین نموونەکانی سینەمای پێستمەدێرن، ئەم فیلمە بە ئاشکرا لۆگۆ چاوەڕوانی بینەر سەبارەت بە چۆنیەتی چیرۆکگێڕانەوە یاری دەکات، فیلمەکە وەک فیلمێکی ئاسایی noir دەست پێ دەکات، بەڵام دەبێتە شتێک کە زیاتر لە خەونێکی ئاڵۆز دەچێت تا چیرۆکێکی ئاسایی، لینچ بە ئاگایی ئەو سنورانە دەبڕێت کە لە نێوان “ڕاستی” چیرۆکەکە و ڕاستی دەرەکی فیلمەکە هەیە، ئەنجام ئاوێزە بینەر لە بارودۆخێکدا خۆی دەبینێتەوە، ناتوانێت دڵنیا بێت چی ڕاستە و چی خەیاڵ، و ئەمەش بە شێوەیەکی تەواو لۆگۆ چەمکە پۆستمەدێرنەکانی سەبارەت بە نەبوونی ڕاستیەکی ئۆبژیکتیف دەگونجێت،

ماتریکس”ی (1999)ـی برایان واچۆفسکی فیلمێکی ترە کە بە شێوەیەکی تەواو سەبارەت بە سروشتی ڕاستی و سیمولاکرەم دەدوێت، ئەم فیلمە بە ئاشکرا کاریگەر بووە لە تیۆریەکانی ژان بۆدریار سەبارەت بە “سیمولاکرا و سیمولەیشن”، لە فیلمەکەدا، جیهانێک مرۆڤەکان پێیان وایە ڕاستە، ڕاستە نیە بەڵکو سیمولەیشنێکی کۆمپیوتەرییە، ئەم چەمکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لۆگۆ ئاو بیرکاریەکانی بۆدریار سەبارەت بە ئاوە دەگونجێت کە لە سەردەمی ئەمڕۆدا ئیتر ناتوانین جیاوازی بکەین لە نێوان ڕاستی و نوێنەرایەتی، کارەکتەری Neoلە فیلمەکەدا دەبێت بە نوێنەری ئاو مرۆڤی کە دەبێت بزانێت ڕاستی ژیانەکەی

چیی، هەرچەندە ئەم ڕاستییە ترسناک و ئازاربەخش بێت،

کرستۆفەر نۆلان دیرەکتەرێکی تر بە تایبەتی گرنگی بە کات و یادەوەری دەدات، جگە لە "Memento"، فیلمەکانی وەک ""Inception (2010) و "2014) "Interstellar) بە شێوەی جیاواز لەگەڵ چەمکەکانی کات، ڕاستی، و تێگەیشتنی مرۆڤ کار دەکەن، "Inception" بەتایبەتی دەتوانرێت وەک مەتافەرێک بۆ خودی پرۆسەی فیلمسازی و تەماشاکردنی فیلم لەی بروانین، خۆنە چەندین ئاستییەکانی فیلمەکە ڕەنگە ئاماژە بە چەندین ئاستی تێگەیشتن و بڕشداریکردن بدەن کە تەدا بینەر لە کاتی تەماشاکردنی فیلمەکەدا بەسەری دەبات،

کەین برازەرز، جەیل و ئیتان، کارەکانیان پڕ لە ئاماژە بە سینەما و ئەدەبیاتی ئەمریکی، "The Big Lebowski" چیرۆکی نهێنی کتێبی "The Big Sleep"ـی ڕایمەند چاندلەر، بەناو بەم جەرەی کە هەموو شتێ "گەورە" و "گرنگ"ەکانی فیلمی noir کراوەتە شتی و بچووک، دیارە برازەرزەکان بە ئاگایی تەواو ئەو چاوەڕوانیانە دەشکێنن کە بینەر لە فیلمێکی genre دەیکات،

چارلی کافمان نوسەرێکە کە کارەکانی لە سنووری نێوان ڕاستی و خەیاڵ، هونەر و ژیان، ئایدەنتیتی کەسی و کۆمەڵایەتی کار دەکەن، "Being John Malkovich" وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، و هەروەها هەموویان (Adaptation" (2002 و (Synecdoche, New York" (2008 نموونەی ئەو جەرە سینەمایەن بە ئاشکرا سەبارەت بە خودی پرۆسەی دروستکردنی هونەر دەدوێن، لە "Adaptation"دا، کافمان خۆی کردووە بە کاراکتەری سەرەکی فیلمەکە، نوسەرێک کە هەوڵ دەدات لەگەڵ بگەیت بە فیلم و ئەم پرۆسەیە دەبێتە خودی چیرۆکی فیلمەکە،

یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی سینەمای پۆستمەدێرن پارچەپارچەکردنی کاتە، فیلمە پۆستمەدێرنەکان لەگەڵ کاتدا بەشێوازی جیاواز یاری دەکەن، هەندێکجار ئەمە بە شێوەی نالینیاری چیرۆک وەک لە "Pulp Fiction" و "Memento"دا ئەنجام دەدرێت و بە شێوەی دووبارەبوونەوەی ووداوەکان وەک لە ""Groundhog Day (1993)دا یان بە شێوەی تێکەڵکردنی کات و شوێنی جیاواز وەک لە زۆرێک لە کارەکانی دەیفید لینچدا، ئەم تایبەتمەندییە نەک تەنها ئامرازی تەکنیکی نییە، بەڵکو پەنگدانەوەیە لە چەنیەتی تێگەیشتنی پۆستمەدێرن لە کات، وەک شتێک نەک لینیاری و پێشبینیکراوە، بەڵکو ئاەزو کەوتووەتە ناو یەکتری، و بەندە بەچەنیەتی بیرکردنەوە و یادەوەری،

ەاوەژکردن لە ژانرەکان یەکێکی تری تایبەتمەندیيە گرنگەکانی سینەمای پۆستمەدێرنە، فیلمە کلاسیکەکان بەزێری پابەند بوون بە یەک ژانری تایبەت – وەسترن، comedy drama، crime – بەڵام فیلمە پۆستمەدێرنەکان سود لە چەندین ژانر وەردەگرن، "Kill Bill" (2003-2004)ی تارانتینۆ نموونەیەکی بەرچاوی ئەمەیە، ئەم فیلمە پێکهاتەی کۆنگ فوو، سپاگێتی وەسترن، یاپۆنی yakuza، ئەنیمەیشن و تەنانەت موزیکاڵی تێکەڵە دەکات و شتێک دروست دەکات، تەواو نوێیە بەڵام ئاشنایە

شکاندنی "دیواری چوارەم" – واتە ئەو سنوورە خەیاڵییەی کە لە نێوان دونیای فیلم و دونیای ڕاستی بینەردا هەیە – یەکێکی تری تایبەتمەندیيە گرنگەکانی سینەمای پۆستمەدێرنە، زۆرێک لە فیلمە پۆستمەدێرنەکان بەشێوازی جۆراوجۆر وا دەکەن، بینەر بیر لەوە بکاتەوە، تەماشای فیلم دەکات، جارێک بە شێوەی ئاماژەکردن بە خودی پرۆسەی فیلمسازی دەبەت، وەک لە "Adaptation"دا، جارێک بە شێوەی بەکارهێنانی تەکنیکە "مەتا"کان دەبەت کە کاراکتەرەکان بە ئاشکرا سەبارەت بە ئەوە دەدوێن لە فیلمدان،

کاریگەری سینەمای پۆستمەدێرن لەسەر بینەر فراوان و قووڵە، یەکەم ئەوەیە کە ئەم جۆرە فیلمانە داوای ئەوە لە بینەر دەکەن بەشداری چالاکانەی لە پرۆسەی تێگەیشتن و لێکدانەوەدا بکات، بینەری فیلمی پۆستمەدێرن ناتوانێت بە پاسیڤی دانیشێت و فیلم تەماشا بکات، بەڵکو دەبەت بەئەکتیڤی هەوڵ بدات بۆ تێگەیشتن لە ئاماژەکان، گرێدان لە نێوان بەشە جیاوازەکان، و تێگەیشتن لە مانای قووڵی کارەکە، ئەمە بینەر دەکاتە کەکارەکێری هونەرمەند لە دروستکردنی مانادا،

دووەم، سینەمای پۆستمەدێرن هەکارەکی گرنگ بووە لە پەروەردەکردنی نەوەیەک لە بینەران، زیاتر هەشیارن سەبارەت بە میکانیزمەکانی میدیا و چۆنیەتی کارکردنی، ئەم بینەرانە باشتر دەتوانن جیاوازی بکەن لە نێوان ڕاستی و نوێنەرایەتی، و باشتر تێدەگەن، هەموو فیلمێک دروستکراوە و مەبەستێکی تایبەتی هەیە،

وە هەروەها کاریگەری گەورەی لەسەر چۆنیەتی دروستکردن، داشکاندن و فرەشتنی فیلم هەبووە، ئەم جۆرە فیلمانە ئاسانتر بوون بۆ بازاڕکردنی نمودەوەتی، چونکە پێ بوون لە ئاماژە بە کلتووری پێپی جیهانی، هەروەها ئەوان بنەمایان دانا بۆ کورتەفیلم"کان – فیلمەکان لە ئەنجامی یەکەم ئەکادیمیان زۆر نەبوو بەڵام لەمردا

بینەرانی تایبەتیان دەزیوەتەوە،

بەڵام سینەمای پستمەدێرن ڕەخنەی زۆریشی لێکراوە، یەکێک لە گرنگترین ئەم ڕەخنانە ئەوەیە ئەم جۆرە فیلمانە زیاتر پشت بە زانینی پێشووتری بینەر دەبەستن، بۆ ئەوەی بینەرێک بە تەواوی لە "Pulp Fiction" یان "Kill Bill" چێژ وەرگرێت، پێویستە ئاشنا بێت لەگەڵ فیلمی crime و ئەکشنی سامانی شێست و حەفتاکان،

ڕەخنەیەکی تری سەرکی ئەوەیە سەرقاڵی شێواز و وردەکاری تەکنیکییە و کەمتر گرنگی بە ناوەڕۆک و پەیامی مرۆیی دەدات، هەندێک ڕەخنەگر پێیان وایە کە ئەم فیلمانە"بەسەرخۆیانەوەن" و هەوڵ دەدەن بیسەلمێنن دەزانن، لەجیاتی ئەوەی سەرقاڵی گێڕانەوەی چیرۆکێکی باش بن،

ڕەخنەی سێیەم ئەوەیە بەهای پشتبەستنی زۆری بە ئاماژە و کولتووری ڕابردووەوە، بەواتایەکی تر دەگەڕێتەوە بۆ "کلتووری ڕیسایکڵ" – واتە کلتوورێک، تەنها شتی ڕابردوو دووبارە دەکاتەوە و هیچ شتێکی نوێ دروست ناکات، ئەم ڕەخنەگرانە پێیان وایە کە لە جیاتی ئەوەی داهێنەر بن، فیلمسازە پستمەدێرنەکان تەنها کارەکانی کەسانی تر دەستکاری دەکەن،

لایەنگرانی سینەمای پستمەدێرن وەڵامی ئەم ڕەخنانەیان هەیە، ئەوان دەڵێن یەکەم، ئەم جۆرە فیلمانە ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی ئەو جیهانەن ئەمە تێیدا دەژین – جیهانێک پڕە لە ئاماژە، کولتووری پۆپ و میدیا بایە گرنگە لە سینەما ئەم ڕاستییە ڕەنگ بداتەوە، دووەم، بەکارهێنانی ئاماژە و pastiche بەهیچ شێوەیەک واتای نەبوونی داهێنان نییە، بەڵکو جۆرێکی نوێی داهێنانە کە پێویستی بە توانا و زانینی زۆرە،

لەڕاستیدا، کاریگەری سینەمای پستمەدێرن لەسەر سینەمای ئەمڕۆ هێشتا بەردەوامە زۆرێک لە فیلمسازەکانی ئەمڕۆ، لە مارڤێڵ یونیڤێرسەوە تا فیلمسازەکانی ئیندی وەک ئاری ئاستەر و رابێرت ئیگەرز، هەموویان بە شێوەیەک کاریگەر بووون لە ڕەگەز و تەکنیکەکانیسینەمای پستمەدێرن کە پێڕی پێداون،

یەکێک لە گرنگترین بەرهەمەکانی سینەمای پستمەدێرن ئەوە بووە کە ئازادی زیاتری بە فیلمسازەکان داوە بۆ ئەزموونکردن لەگەڵ شێواز و ناوەڕۆک، ئەمڕۆ فیلمسازەکان ئازادن ژانرەکان تێکەڵ بکەن، لەگەڵ کاتدا یاری بکەن، ئاماژە بە کارەکانی تر بکەن، و سنوورەکانی

نەوان فیلم و ڕاستی بشکێنن، بەبێ ئەوەی ترسیان لەوە هەبێت بەسەر "یاساکانی سینەما"دا بازبدەن،

هەروەها ڕەخنەکی گرنگی لە پڕۆپەدانی سینەمای جیهانی هەبووە، فیلمسازەکان لە وڵاتانی ژاپۆن، کۆریا، ئەرژەنتین و فەڕەنسا کەڵکیان لە تەکنیک و ڕێگاکانی سینەمای پێستمەدێرن وەرگرتووە بۆ دووبارە پێناسەکردنەوەی سینەمای خۆیان، ئەم پرسیارە بووەتە هۆی دروستبوونی کارەکانی وەک فیلمەکانی پارک چان-وەک، ئالەخاندرۆ خۆدۆرفسکی، و ژان-لوک گۆدار کە هەموویان بە شێوەیەک بە سینەمای پێستمەدێرن کاریگەر بوون،

لە کۆتاییدا، سینەمای پێستمەدێرن نەک تەنها گەڕانکارییەکی تەکنیکی و شێوازی بوو، بەڵکو گەڕانکارییەکی بنەڕەتی لە چۆنیەتی تێگەیشتنمان لە سروشتی فیلم، نوێنەرایەتی، و پەیوەندی نێوان هونەر و ڕاستی، ئەم بزووتنەوەیە پرسیاری قووڵی لەسەر سروشتی ڕاستی، ئیدەنتیتی، و مانا بەجێهێشتووە بەشێوەیەک تا ئەمڕۆش گرنگن، بەواتایەکی تر بەتوندی بیر لەوە بکەینەوە چی واتای "ڕاست" دەدات، چۆن مانا دروست دەبێت، هونەر چ ڕۆڵێک لەژیانی خەمان و جیهان دەگێڕێت،

بەپێی ژان-فرانسوا لیۆتار، یەکێک لە سەرکیترین تیۆریستەکانی پێستمەدێرنیزم، دەڵێت ئەمە لە سەردەمێکدا دەژین تێیدا "میتا-ناڕاتیڤ گۆڕەکان" – ئەو چیرۆک گەورانەی لە ڕابردوو مانا و ئاراستەیان بە ژیانی مرۆڤ دەدا – مانایان نەماوە، سینەمای پێستمەدێرن ڕەنگدانەوەیەکی تەواوی ئەم دۆخەیە، لەبری ئەوەی بە دوای گێڕانەوەی چیرۆکی گەورە و یەکگرتووەوە بگەڕێت، ئەم جۆرە فیلمانە بە چیرۆکی بچووک، پارچەپارچە، و زۆرجار ناتەواو پێشکەش دەکەن، ئەوان ڕەتی دەکەنەوە وەک دەسەڵاتێکی ئاگادار قسە بکەن، لەبری ئەوە وەک پرسیارکەر و گومانکەر ڕەفتار دەکەن،

ئەم تایبەتمەندییە بە ئاشکرا لە کارەکانی هەموو ئەو دیرەکتەرانەدا دەردەکەوێت کە ئاماژەمان پێ کردن، تارانتینۆ ڕەتی دەکاتەوە یاسای ئەخلاقی و سیاسی ڕوون پێشکەش بکات، لەجیاتی ئەوە جیهانێک دروست دەکات تێیدا باش و خراپ، پاڵەوان و پاڵەوانشکێن، تەکنۆ و ناڕوون، لینچ چیرۆکەکانی بەناتەواوی دەهێڵێتەوە و ڕێگا بە بینەر دەدات خۆی ئەو مانایە بدۆزێتەوە کە دەیەوێت. نۆلان پرسیاری قووڵ لەسەر سروشتی یادەوەری، کات، و ئیدەنتیتی دەکات بەبێ ئەوەی وەڵامی ڕوون و کاتگۆریک پێشکەش بکات،

بە کورتی، سینەمای پۆستمۆدێرن وەک ئاوێنەیەک کاری کردووە، تێیدا سەردەمەکەمان خۆی دەبینێتەوە – سەردەمێک کە تێیدا هەموو شتەکان گومانلێکراوە، هەموو ڕاستییەک ڕەلاتیفە، و هەموو بیرکەوەیەک کراوەتەوە بە لێکۆڵینەوە و پرسیارکردن، ئەم سینەمایە نەک تەنها ڕەنگدانەوەی ئەم دۆخەیە، بەڵکو بەشداریشی لە دروستکردنی کردووە، لە ئەنجامدا، سینەمای پۆستمۆدێرن یەکێک لە گرنگترین و کاریگەرترین بزووتنەوەکانی هونەری سەدەی ڕابردوو بووە و کاریگەری نەک تەنها لەسەر سینەما، بەڵکو لەسەر تەواوی کلتووری سەردەم هەبووە.

باکە ڕەبوار

بەکورتی 26: سواڵکردنی سەز.. بەشایی سەزییمان پێناکاتەوە.. ئازاد حەمە

سواڵی سەز یان سواڵکردنی سەزداریEmotional Begging، کە جۆرێکە لە جۆرەکانی سواڵ بە بەدەستهێنانی خۆشگوزەرانی دەروونیی و سەزداریە. ئەم سواڵە ئەزموونێکی پڕاژەهێنەر و پڕ ئازارە، دیاردەیەکە لەڕێ یان لەوە هوودەدات و لەخۆاش دروستنابێت و هەکار و پاڵنەر لەپشت هوودانەوەکەیەتی.
سواڵی سەز کردارێکە لەلایەن کەسانێکەوە ئەنجامدەدرێت بە بەدەستهێنانی خۆشەویستیی، گرنگییپێدان، ئاکۆشانی سەرنج و هاوسۆزیی. ئەم کەسە زۆرێک هێگا دەگرێتەبەر تا ببێتە جێگای بایەخ و ئاوەدانەوەی ئەوانیتر، لەوانە: هەڕەشەکردن، بەومانیای، ژیانی خۆی دەخاتە مەترسیەوە تا گرنگیی پێبدەن، گازندەکردن لە دەوروبەر و کروزانەوە لەسەر ئەو بناغەیەی کەس هەست بە بوونی ناکات و سەزییان بۆی نییە و بۆیشیان پیایانایەتەوە.
بۆیە بەپێویستی دەزانیین بپرسین: سواڵی سەز دیاردەیەکی بەماویە یان نەخۆشیەکی دەروونیی؟ ئەم سواڵە بەسە بە پێکردنەوەی بەشایی و کەمیی سەزیی؟لەدەستدانی توانای دەربڕینی

هەستەکانAlexithymieجیا نییە لە بەبەشبووونی(محرومیەتی) سزداریی؟ لەدەستدانی پانتەر و لەنزانی لە وەرگرتنی چژ لە ژیان ناچارمان ناکات سز سواکەین؟دانان بە بەشایی سزداریی سەرتایەک نییە بە دزیینەوەی هەکارەکانی بەشایەکە؟ کە پەداویستیی سزداریی مرۆف پەدەکاتەوە؟ تاکەکان، خێزک، گروپک، دەورووبەر، دامزراوەیک ...کە؟

سوالی سز چییە؟ لەرەدا قسە لە خودی کردەی سواکردن ناکەین، قسە لە سوالی سز و هاوسزیی دەکەین. سوالی سز هیچی کەم نییە لە سوالی بزیی، ڕەحم و ئەمەکداریی. بگومان نەبوونی قووڵیی سزداریی لای کەسەکان هەکاری ئەم جۆرە سوالەیە. سوالەکە وەک چارسەر بە پەکردنەوەی بەشایی ناخییەکان و گیان بەدوای گرنگییپێدان و داوای خۆشویستی و بزییپاهاتنەوە لە ئەوانی دیکە تەماشادەکرێت. ئەبەتە سەرچاوەکانی سوالی سز ئەم لایەنانە لەخۆدەگرێت: بەبەشبووونی سزیی، هەستکردن بە کەمیی هاوسزییEmpathy، متمانە بەخۆنەبوون و... .

بەپێی شارزایان بێت، سواکەری سز بەدەستهێنانی سزی ئەوانی دیکە ئامادەیە ڕەفتار هەڕەشئامێزانە بجوڵێتەوە، بیانووبگرێت و ئەوانی دیکە بەوە خەتاباربکات، کە هەکاری بسزییەکەین. ئەم جۆرە سواکەرانە لەهاتوون لە وروژاندن و یاریکردن بە هەستی ئەوانی تر، ئەبەتە تابشتوانن ژیانی خۆشیان لەبەرچاو نزیکیانیان دراماتیزەدەکەن؛ هاوکات خۆیان بەردەوام وەک بەدبەخت و قوربانی نیشاندەدەن و سەرزەنشتی کەسانی دەورووبەریان دەکەن. بگومان زەرتریش ئەوانە توشی ئەم حاڵەتە دەبن،کە شەوازکی ژیانی ناتەندروست دەگرنەبەر لەچاو ئەوانەی بەختەوەر و پڕژیانن.

سەبارەت بەوەی لایسەرەوە ئاماژە بۆش دەکەین، کە نەبوونی هاوسزیی یەکێکە لە دیوەکانی بەبەشبووونی سزداریی. پسپۆرانیش لە بواری کلینیکی دەروونیی پێیانوایە، کە بەبەشبووونی سزداریی بریتییە لە نەبوونی پاپشتی سزداریی. زەرجار پشتگوخستنی سزداریی، کە بەبەشبووونی سزداریی دروستدەکات، پاڵنەک کێشەی دەروونیی یان کەمەایەتیی لەگەڵ خۆی دەنێت. بەیە پەداویستییە سزدارییەکانی ژنەک جیایە لە پەداویستییە سزدارییەکانی پیاوەک، هاوکات پەداویستییە سزدارییەکانی هاوڕێیەک بە هاوڕێەک جیاوازە لە پەداویستییە سزدارییەکانی دایکەک یان باوکەک بە منداڵەکی.

زەرەک لەوانەی لەبارەی سواکردنی سزدارییەوە قسەدەکەن تیۆرییە دەروونشیکارییەکان بە گیشتن بە دڕئەنجامی باوەڕکراو بکاردەبەن و پێیانوایە، بە سنووردانان بە ئەوانەی دووچاری دیاردەی سواکردنی سزداریی دەبن ئەوێە،کە کار لەسەر شەوازی

ژیانیان، بەچوونیان بۆ دەروەوبەر، گۆڕینی جۆری بیرکردنەوە و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیان بدرێت و هانیشبدرێن، کە چۆن پشت بەخۆببەستن و پێداویستیەکانی خۆیان بهێنندی.
بەشێک لە فەرمکانی سواڵی سڕز پەیوەندی بە گرنگییپێدانەوە هەیە. واتە کەسەکە سواڵی گرنگییپێدان یان ئاکۆشانی سەرنج دەکات، ئەمە داوایەکی سەزیە، یان کۆششە بۆ بەدەستهێنانی سەزی (خۆشویستی)ئەویتر. جۆهەری سواڵەکە هەوڵەکە بۆ ئەوەی کەسەکە بایەخ و دیقەتی ئەویتری لەسەربێت. ڕەنگە دەزی کۆمەڵایەتی و ناجۆگیریی دەروونی ئەو کەسە لەپشت دروستبوونی ئەم دەزەوە بێت، کە پەویستی بەو گرنگییپێدانی ئەوانیترە. لەوبارەوە زۆرێک هەکار هەن، لەوان: پێداویستیی، هەستیی کۆمیی، یان خۆبەکەمزانیین و ... .ڕەنگە سەرەتا ئەم سواڵی گرنگییپێدانە ئەرێنی بێت، بەڵام لەگەڵ کاتدا، کە کەسەکە خۆی لەسەر ئەم ڕەفتارە ئادەتێت دەبێتە کردارێکی نەرێنیی.
سەرباری ئەوە، سواڵی گرنگییپێدان لە کۆمیی شایستەیی و خۆبەکەم زانینەوە دەست. کۆشکە سواڵەکە نیە، کۆشکە ئەویە، ئەگەر سواڵەکە بەرینەبێت. کاتێک سواڵەکە دەستکەوتی نابێت، بێهیوایی و خەمۆکی لەگەڵ خۆی دەنێت. بەدورکەوتنەوە لەم دیاردەیە باشترواێ مرۆڤ خۆی بەکەمنەزانێت و لە عەوداڵی دروستکردنی پەیوەندی تەندروستیشدا بێت.
کۆتا بینینمان بۆ سواڵی سڕز ئەویە، کە سواڵکەرانی سڕز کۆشەیکیان هەیە، کە دەکرێت ناونرێت بۆشایی سڕزیی. ئەو بۆشاییە کاریگەریی لەسەر سواڵەکەیان هەیە. بەگومان بۆشاییەکە ناخیە(ناحیە)، بەڵام چۆن ئەم جۆرە بۆشاییە دروستدەبێت و دەبێتە بناغە بۆ سواڵی سڕز؟ بەگومان دوای ئەوەی مرۆڤ هەست بە دڵتەنگی و تەنهایی و بێزاریی ناوەکی دەکات، لەڕەوە دەکەوێتە ناو حاڵەتی بۆشایی سڕزیەوە، ئەوەش وایلێدەکات درک بە بەمانایی ژیان بکات و لەناو بێئامانجی و خەمۆکییدا بخولێتەوە. زۆرجاریش هەکاری بۆشاییەکە ڕەنگە بەباکی مرۆڤکان بێت بەرامبەر بە خودیخۆیان، یاخود بەهۆی لەدەستدانی هێژایەک لە ژیان، جیابوونەوەی خۆزانی، هەستی شکستی ڕەوشتیی و... .
سەرئەنجام، قبوڵکردنی بۆشایی سڕزیی کارێکی ئاسان نیە، بەڵام هەوڵەکە بە دەربازبوون لە سواڵی سڕز. کاتێک بۆشایی ناخیی خێت قبوڵدەکرێت، کەواتە تە توانای خۆبینینی خێت هەیە و بێئاگاشی لە شکستیی و پەرتییە ڕەحیەکانت. بەمە تە ئیدی پێناە بە ئەویتر نابێت و داوای گرنگییپێدان لە کەس ناکرێت.

ئازاد حەمە
پرۆفیسۆر لە فەلسەفە لە زانکۆی سلێمانی

محەمەد دەکروب.. مائاوا ئەی هاوڕێی کۆمۆنیست..!.. نووسینی: شاکر فەرید حەسەن.. وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە: بانیژی ئەدەب و کلتوور

محمد دەکروب، ڕۆشنبیرێکی مارکسیستیی شۆڕشگێڕ و ڕۆسەنی ناوازە، بیرمەندی ئاڤانگاردی ڕۆشنگەری دیار، ڕۆخنەگری هۆشیار و نوێگەر، خەباتکاری کۆمۆنیستی بۆئزمووون و ڕووناکبیر، هۆگری ئاشتی و بیرکردنەوە و ئەخلاقی چینی کرێکاری زەحمەتکێش و مۆژوونووسی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لوبنانی عەرەبی کە ناوەکەی هاوواتای کتێبەکەی بوو بە ناوی(جذور السنديانة الحمراء) کۆچی دوایی کرد. ئەو مرۆڤە سەراست و خۆبنیادنەرەی کە ژیانی تا دوا تنۆک خۆشدەویست، ژیانی خۆی وەک بەڵێچییەک دەستپێکرد، پاشان بەهۆی خوێندن و خوێندنەوە و تینووێتی شکاندن لە کانیاوی مەعریفە و کلتوور و بیری پێشکەوتووخوازانەی مرۆڤایەتی، بوو بە ئۆستادێکی دڕوشاوە و یەکێک لە دیارترین ڕۆخنەگرانی ئەدەبیی و دامەزرێنەرانی ڕۆخنەی ئایدیۆلۆژی لە جیهانی عەرەبیدا، هەروەها بوو بە سەرنووسەری گۆڤاری "الطريق"، بەناوبانگترین و دێرینترین گۆڤاری ڕۆشنبیری چەپی عەرەبی، کە بەم دووایانە دووبارە دەستی کردەوە بە دەرچوون دوای ئەوەی بە ماوەی دەیەیەک لەبەناوکردنەوە وەستا. چ پارادۆکسێکە کە محەمەد دەکروب لە ناوەڕاستی ئاهەنگەڕانی کۆمۆنیستەکان و هاوڕێکانیاندا بە یادی ٨٩ ساڵەی دامەزراندنی حزبی شیوعی لوبنان کە خۆی ئاوێنەیەکی ئەو حیزبە بوو، کۆچی دوایی کرد. بە مردنی دەکروب، لوبنان و جیهانی عەرەبی و بزووتنەوەی مارکسیستی و کۆمۆنیستی لوبنانی و عەرەبی، کەسایەتییەکی دڕوشاوەی خەبات،

پشەنگەکی کلتووری ڕۆشنگەری عەقڵانی و کرێکاری و چینایەتی و بیرمەندەکی پێشکەوتنخواز و ڕۆژنامەنووسەکی شۆڕشگێڕی چەپیان لەدەستدا. یەکێک لە بەشکەترین ڕۆشنبیرانی ئایدۆلۆژیستی مارکسیستی عەرەب بە هەژاری ژیا و مرد، کە جگە لە سامانی نووسین و بیروباوەڕ و هزر و خەونەکانی هیچی تری نەبوو بەڵام مۆشەخێی ئەو بیروباوەڕەی کە باوەڕی پێی هەبوو، بەدەستەوە گرتبوو و لایەنگریی و پشتیوانی و بەرگری لەدەکرد. هەورەها ژیان و تەمەن و وزە و قەڵەمەکەی تەرخان کرد بۆ دیفاعکردن لە بەهاکانی ئازادی و دیموکراسی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنخوازی و بەرزترین دەزی ئینسانیی لە بووندا، دەزی چەوساوەکان و چینی کرێکاری بەشمەینەت کە خەبات دەکەن بۆ ئازادی و ڕزگاربوون لە کێت و بەندی و چەوساندنەوە و ستەمی چینایەتی.

محەممەد دەکروب نموونەی یەکێک لە ڕۆخنەگرە هەرە دیارەکانی ڕۆبازی ڕیالیزمی سۆسیالیستییە کە بەشداری لە دامەزراندنی و چەسپاندنی بناغەکانی بزووتنەوەی ڕۆخنەی ئیستاتیکای مارکسیستی داهێنەرانە لە لوبنان و جیهانی عەرەبیدا کردووە. لە شاری (صور)ی لوبنان لەدایک بووە و گەورە بووە و لە قوتابخانەکانیدا خوێندوویەتی، بەڵام بەهۆی بارودۆخی سەختی ژیانەوە قوتابخانەی جەهشتووە و پەیوەندی بە ڕێزەکانی جەماوەر و کرێکارانەوە کردووە، لەوە وەک فرۆشیاری بەروبووم پاقلەمانیەکان کاری کردووە، پاشان دەبەت بە بەیچی. لەم نۆوەندەدا بەهۆی نامە گۆینەوەوە لە ڕێگەی هاوڕێیەکی (کەریم مرۆە)وە ئاشنا دەبەت بە کۆچکردوو دکتەر (حوسین مرۆە)ی نووسەر و هەڵسوڕاوی کۆمۆنیست. سەبارەت بە یەکەم دیداریان دەکروب دەڵێت (لەڕۆژێک لە ڕۆژەکانی ساڵی ١٩٤٩ لەنێو دوکانێکی بچووک و کۆندا بووم کە پێ بوو لە تەنەکە و قووتوو و پڕەمێز، سەرقاڵی چاککردنی مەسینەیەکی شکاو بووم و لەبەر خەمەوە منگەمنگم بوو و لەناکاو پیاوێک ئاستوخۆ لەبەردەمدا قیت بووەوە، جەستەی لاواز و ووخساری تەنک و دوو لەوی ئەستوورەوە ، زەردەخەنەیەکی دەستانەی کرد و وتی : سڵاو محەمەد، من حوسێن مرۆەم. بە پشۆیەکەوە وەستام، دەستەکانم نەوتی سپی و ژەنگ و ئەمنیایان پێوەبوو. دەستم بۆی درێژ کرد، لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ و تا کۆتایی ژیانمان، دەستمان لەناو دەستی یەکتردایە.) دوای ئەوە محەممەد دەکروب لە بەیروت لەلای بازرگانێکی کاغەز دەست بەکارکردن دەکات و لەم قۆناغەدا حوسێن مرۆە چەندین کتێب و ئەدەبییاتی مارکسیستی پەدەدات و لەم کتێبانەوە فەرهەنگی ئیستاتیکی و پشکەوتنخوازانە و شۆڕشگێڕانەی پابەند بە مرۆڤایەتی فێربووە و بە گوێگرتن لە گفتوگۆکانی حوسێن مرۆش سەبارەت بە حیزب، ڕێگەی خۆی بە ناو حزبی شیوعی لوبنانی

دەزیوەتەوە. پاشان لە گۆڤاری (الثقافة الوطنية) دا کاری کردووە، کە کەمێک لە نووسەر و شاعیر و ڕۆژنامەنووسی پێشکەوتنخوازی لە دەوری خۆی کۆکردەوە و هەورەها سەکۆیەک بوو بۆ بیرکردنەوەی پێشکەوتنخوازی مرۆڤایەتی دژ بە کۆلۆنیالیزم و کۆنەپارستی و هەروەها شێوەی ئەدەبی و فیکری و شارستانیانەی لە دژی کلتووری بەرژوازی کۆنەپارستانە و شۆڤێنیستی دژ بە هەموو شتێکی مرۆڤدۆستانە و جوان، بەرپا کردووە.
دەکروب ژیانی ئەدەبیی خۆی بە نووسینی پێخشانی ئەدەبیی و کورتەچیرۆک دەستپێکرد، کە تیایدا واقیعی گوندە خاموشەکەی و خەمی ڕۆژانەی مرۆڤە سادەکان و ئازارەکانی هەژاران و ستەملێکراوانی سەر هەسارەکەمان تیا وێنا دەکرد. یەکەمین بەرهەمی هونەری خۆی لە گۆڤاری (الطريق)ی لوبنانی، زمانحاڵی حزبی شیوعی و هەموو نیشتمانپەروەر و پێشکەوتنخوازان، کە دواتر خۆی بووە سەرنووسەری، لە ژێر ناوی (پێنج قروش) دا بڵاوکردەوە. لە تەمەنی گەنجیدا، لە ساڵی ١٩٥٤دا کەمێک چیرۆکەکی خۆی بە ناوی (الشارع الطويل) و لە ساڵی ١٩٨٠ کتێبێکی تری بە ناوی (الآدب الجديد و الثورة) بڵاوکردەوە، کە کەمێک وتار و لێکۆڵینەوە و باس و نووسینی ڕەخنەیی، کە دەربارەی ئەزموونی ڕۆژانەی شێوە فیکرییەکان و مشتومڕکانی پەیوەست بە ململانێ کەمایەتی و سیاسییە گشتییەکان بوو کە هەڵگری لایەنی مژووی ململانێی ئایدیۆلۆژین لە بزووتنەوەی فەرهەنگی و ئەدەبیدا کە ناوەندە فیکرییەکانی عەرەب لە دەیەی شەستەکان و حەفتاکاندا بەشوێیەکی تایبەت ئەزموونیان کردبوو و لە گۆڤاری (الطريق)دا بڵاوی کردبوونەوە. دەکروب لەو کتێبە خوێندنەوەی بە هەندێک دۆق سەبارەت بە ئەدەب و هونەر و ڕەخنە کردووە و لەژێر تیشکی جوانیناسی مارکسیستیدا ڕەشنکردنەوە و شیکردنەوەی ڕەخنەیی بە بەرهەمە هونەرییەکان و گفتوگۆی کۆشکانی داهێنانی ئینسانیی، ئەنجام دابوو.

سەبارەت بە هەکاری کەکردنەوەی ئەو نووسینانە و بڵاوکردنەوەیان لە کتێبێکدا، محەمەد دەکروب دەڵێت (هەکاری تایبەت خواستی ئەزگاربوون بوو لەم قەناغە بە چوونە ناو هەوڵی ڕەخنەیی نوێ، دەبێت ئەوەش بگوترێ کە لە نێو ئەو هاندەرە گشتییانەی کە هەکار بوون، هەبژاردنی ئەم نووسینە تایبەتانە، کە هەندێکیان مژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی دەیەی حەفتاکان بریتییە لە خستنەبەرچاوی لایەنێک لە لایەنەکانی ئەزموونی بزووتنەوەی ڕەخنەگرانە کە کتێبەکە، سەر بە بیری پێشکەوتنخوازانەی مارکسیستییە، لەبەردەم ژمارەیەک لە ڕەخنەگری گەنجی عەرەبی، کە بەمشێوەیان بڵاوشێوە سەر بە خودی

بزووتنەوەکان و بە هەڵەشەیی و مەیلی چەپڕەوانەی خۆیانەوە لە دۆیی پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەدا کەوتنە ناو بزووتنەوەی ڕۆخنەی پشکۆتنخوازانەوە {پەلەنبەندی سیاسی و چینایەتی چارنووسساز و بڕئەملاوئەولای داهێنان و کاری داهێنەران و هەندێکجار ڕازی بوون بە ڕوئیای ناوەڕۆکی سیاسی کارە هونەرییەکان بە شێوەیەک کە سروشتی هونەر وەک هونەر لە پلەی یەکەمدا تەومژاوی بکات} لە کاتێکدا هونەری ئەم سەردەمە لە تەوژینەوە ڕۆخنەییە بابەتییەوەرگەڕاوەکانەدا، هەمەجۆربوونی ڕێگاکانی لێکۆڵینەوە و بەردەستبوون و وەرگەڕانی جۆراوجۆری شێوازەکانی تەوژینەوەی نووسینە کلاسیکییە مارکسیستەکان بە سەر زمانی عەرەبی بە بابەتە تایبەتەکانی ئەدەب و هونەریشەوە، هەموو ئەمانە بوار بە ڕۆخنەگران دەدەن گەنجانەکان (وەک چۆن ڕێگەی بە ڕۆخنەگرانی نوێی دیکە داوە) نەک تەنها قەناغی پەنجاکان بە دەستکەوت و هەڵکانییەوە تێپەڕنن، بەڵکو بتوانن لێکۆڵینەوەی سیستماتیکی ئەم ئەزموونە ڕۆخنەییەش ئەنجام بدەن و ڕۆخنەی لە بگرن و ڕۆخنەی ئەدەبی مارکسیستی لە دەی مارکسیزمەوە بەرنە ئاستێکی بەرزتر تا هەندێک لە نووسەرانی پشکۆتنخواز لە دۆیی هەشتاکان هەمان بیرکەوە و هەمان پەلەنکردن و هەمان حوکمکانی کاتگەریی دووبارە نەکەنەوە کە بە هەڵەی منداڵانەی بزووتنەوەی ڕۆخنەگرانەی پشکۆتنخوازی دۆیی پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەدا دادەنران.)

محمد دێکروب کەمێک کتێب و دەستکەوت و بەرهەمی ڕۆخنەیی و لێکۆڵینەوە و مەژوویی لە دوای خۆی بەجێهێشتووە، کە گرنگترینیان بریتین لە : (شخصيات و أدوار في الثقافة العربية الحديثة)، (وجوه لا تموت في الثقافة العربية الحديثة)، (على هامش سيرة طه حسين) ئەم جگە لە کتێبە بەناوبانگەکەی(جذور السنديانة الحمراء) کە مەژووی بزووتنەوەی مارکسیزم لە بنیاتنان و سەرهەڵدانی حزبی شیوعی لوبنان، کە خۆی یەکێک بوو لە ئەندامە دەسزەکانی بە بنەما و ڕێگا و قەناعەتەکانی ئەو حیزبە، لەخۆگرتبوو. محەممەد دێکروب، ڕۆخنەگری ناوازە و ڕۆشنبیری بەهاوتا لە ژیان و بیرکردنەوە و بەخشینەکەیدا، بە بەدەنگی و بە هەمنی و دوور لە هاژوهوژ وەک بلیمەتەکانی تری دنیای فکر و مرۆڤ بە پێنسیپییەکان، دووچاری هەژاری و دەستەنگیی بوو و قوربانی بە ڕح و ژیانی خۆیدا لە پێناو خێک و نیشتمان و کەمەڵگە و داهاتوویەکی باشتر بە هەموو زەحمەتکێش و چەوساوەکان.

ماڵئاوا، سەربەرزم پێت ئەی ئاخرین کەمەنیست، ئەی ڕێگی بەڕووە سوورە وەستاو و ڕێگ داکوتاوەکە، بەڕەن دەدەین کە وەفادار بمێنینەوە بە ڕێگا و بیروباوەڕی ڕێزنامەی (الطريق) و تەش بەوپەڕی بەهێزییەوە لە نەو ئەمە و فەرهەنگی داهێنەرانەی نوگەری و بیری

عەرەبی هاوچەرخمان، ئامادە و زیندوو دەمێنێتەوە.

_____

سەرچاوەکان : موقع رابطة الادباء الشام تعني بقضايا الآدب و الآنسان
محمد دكروب وداعا ايها الشيوعي الآخير..! بقلم شاكر فريد حسن ٢ تشرين الثاني ٢٠١٣. https://www.odabasham.net
موقع سودارس، محمد دكروب، وداعا ايها الشيوعي الآخير..! بقلم شاكر فريد حسن ٢٩ تشرين الثاني ٢٠١٣.
https://www.sudaress.com/hurriyat/130903

زەربای یۆنانی.. شەمامەی بارەوانی

هەمانی (زەربا) بە یەکێک لە شاکارە هەرە مەزن و بە نرخەکانی فیلەسووف و گەورە نووسەری یۆنانی(نیکۆس کازانتزاکیس-١٨٨٣-١٩٥٧) دادەنرێت لە جیهانی ئەدەب و وێژەدا. چاپی یەکەمی ئەم شاکارە جیهانییە مەزنە لە ساڵی ١٩٤٦ بڵاوبووەوە. ئەو هەمانەی کاریگەری و دەنگدانەوەی تەنها لە بواری ئەدەبدا جێنەهێشت، بەڵکو خەی خزاندە نەو دنیای فیلم و سینەما و جیهانی مۆسیقاشەوە. زەربا باس لە پارادەکس و دژبەری دوو تەوانین و کەسایەتی جیاواز دەکات. دوو هاوەڵ، یەکەمیان(باسیل) کە نازناوی(سەرەکە)، نموونەی زانین و بەهابەرزی و ئایکۆنی هەوشت و جوانییە.
ئەویتر(زەربا،) پیاوێکی نەخوێندەوار و نموونەی کەسێکی یاخی و ئازاد لە هەموو کەتوبەندێک. هەردووکیان نوێنەری دوو ئاستی ئەنت و دوو جیهانی جیاواز و دوو جەمسەری زەر دژ بە یەکن. لەگەڵ ئەو جیاوازییەشدا، خۆشویستیەکی قوول و ئایدیا و هاوەڵێتیەکی زەر بەهێز و پتەو و لە نەوانیاندا هەیە و پێکەوەیان دەبەستێتەوە. باسیلی هاوەڵی لەو هەمانەدا لە وەسفی زەربادا دەڵێ: (زەربا ئەو مرۆڤەی زەر لە مێژە بە دواییدا دەگەڵام و نەمدەزیوە، ئەو دەڵکی هەیە، ژیانی لە هەدەقووڵت، خاوەنی کەسایەتیەکی زەر سادەیە مرۆڤکی گەلێک مەزنە.) چیرۆکی هەمانی (زەربا) باس لە

گەنجێکی تەمەن سی و پێنج ساڵی دەوڵەمەند و ڕۆشنبیر دێکات بە ناوی(باسڵ.)
گەنجێک، سامانێکی زۆری بە میراتی لە باوکییەوە بە بە جماوە و دایەوە بەو سامانە لە پێژیەکدا وەبەرهێنان بکات. باسڵ گەنجێکی شارستانی و پڕ لە حیکمەت و فەلسەفەیە. گەنجێکی ئاوەتە لە دوو کولتوور. گەنجێک، نیوەی ئەمریکی و نیوەکەی تری یەنانی. گەنجێک، لە ناو پێتووکخانەدا پەگەیشتووە و پەروەردە بووە و لەنەو دووتوێی پەڕەی کتێبەکان لە دایکبووە. لەگەڵ کەسێکی تری نەخوێندەوار و پیرەمێردێکی بە ساداچووی تەمەن شەست ساڵ بە ناوی(ماسیدەنی ئەلەکسیس زەربا.) کەسایەتییەک، عاشقی کار و سروشت و ژن. کەسێک، گاڵتەی بە خوێندن و خوێندنەوە دێت. ئەو، لە هەموو تەمەنیدا یەک دەڤەی نەخوێندووەتەوە و بە توانج بە باسڵ دەڵێت(تف بکە ڕووی پەرتووکەکانت، هەموو شتێکی بوون لە پەرتووکەکانتدا نین و باس نەکراون.) زەربا، کەسێکی سادە و نەخوێندەوار و ناڕۆشنبیرە. هەبەت بەو پەوڕ و تێگەیشتنە کلاسیکی و تەقلیدییەی بە ڕۆشنبیری کراوە و دێکرێت. تاقە قوتابخانەی زەربا، ژیانە.
زەربا مرۆڤێکە لە ڕۆگای تاقیکردنەوە و ئەزموونەکانی ژیانەوە زەر فەلسەفە و حیکمەت فێر بووە و هەر بە ڕاستی ئەو لەزان و حەکیم و پسپۆڕە لە واتای ژیان. زەربا بەشداری لە جەنگ و شۆڕشەکان کردووە، هەموو پارادەکسەکانی ژیانی ئەزموون کردووە، خۆشیی و ناخۆشیی، ئارامیی و نائارامیی، ترس و ناسەڕی و زەر لە تاڵی و ناشیرینییەکانی ژیانی چەشتووە. ئەو کەسایەتییەک، نە فریشتەیە و نە ئەهریمەنە. مرۆڤێکە، خۆشەویستی دێکات، تووڕە دەبێت، ڕاستگۆیە و هەندێک جار درۆش دێکات، هەوە دەدات، شکست دەخوات، پەیوەندی لەگەڵ ژن دەبەستێت، نیشتیمانێکی خۆی خۆش دەوێت. کارەکتەرێکە ئازار و خەمەکان سل بەو ناکەنەوە لە ژیان. ئەو ژیانی بە هەموو جۆرەکانییەوە خۆش دەوێت. ئەو دایمە بە دەخۆشی دەژیت. مرۆڤێکە پڕ لە ئەنەرژی و لەوانلەوە لە ئومێد و هەزی ژیانی لە دەچێت. زەربا بە سەمایەک کە پێی دەڵێن(سەمای زەربا) ڕووبەڕووی ئازار و نەهامەتی و خەمەکانی ژیان دەبێتەوە. ئەو هێندە بە گەرمی ڕادەچێتە سەماکە، وا هەست دێکات تەواوی گەردوون و هەموو مرۆڤایەتی لەگەڵیدا کەوتوونەتە سەما. سەختییەکانی ژیان و خەمەکان لای ئەو بەهایەکیان نییە و ناتوانن کاریگەری لەو بکەن. گرنگ ئەوەیە ئەو زیندووە یان مردوو. زەربا مرۆڤێکە، تێژیە لە سەرکەشی و شێتی و هیچ شتێک ئەو ناترسێنە، جگە لە پیری. ڕاستە ئەو خوێندەواری نییە، وەلە لە ڕاستیدا ئەو فەیلەسووف و حەکیمە و پڕ لە فەلسەفە و حیکمەت. زەربا و سەرۆک لە کۆنساری یەکێک لە ڕووبارەکانی

شاری(گریت) لە یۆنان بە دیکتاتۆری دەبینن.

سواری کشتییەک دەبن بۆ مەبەستی چوون بۆ دوورگەی (گریک)
گشتکی پلاتۆیی(ئەفلاتونی) لە نوان فیلسووف و خوندوارکی گنج، لگە دریاوانکی نخوندوار و پیر.
ئو گشتی کمەک چیکی سیری ژیانی تدا ووە دەدات و چندین نهنی و نزانراو و فلسفی بوون لە میانیدا ئاشکرا دەبن. وک سردانیکردنی ئو دەرە گشگیر و دوورپەرزی قەدپالی چیاکە. ئو پیوندییە تەمومژاوی و نامۆیی زربا و پپلینای بساداچوو. پیوندییە سیر و ق و نامۆقانکی خکی دیکە لگە ژنە بوژنکە(هرانتس.) لنو کشتی گشتکردنکدا زربا و سرک ککوتنک دکن بۆ کارکردن پکوە. زربا لگە باسل و لە ژێر فرمانکانیدا لە کارگیکی خووزدرهنداندا کار دکات. زربا کاتی ککوتنکە بۆ سرک دەڵێ"من تنها کاتی کارکردن کرکاری تەم و لە ژێر فرمانکانی تە دام، دوای ئوە من کسکی ئازادم لە ژیانی خمدا." لەو شاکاری زربادا لە پاڵ هردووک پاڵوانی سرکی(زربا-سرک) نووسر باس لە کمەک کارکتری تری لاوکیش دکات کە وەک دەبینن لە چیرکەکانی ترماندکە. لە نموونەی کسایەتی بوژن(هرانتس) و مافراندنی پیرمرد، مومیکە، کاپتنی کشتییەکە و کمەک کسی تر. ووداوکان پردەسنن لە زربادا بۆ بردبارانکردنی خاتوو هرانتسی بوژن، لە لایەن هموو دانیشتووانی دیەکە. ئو ژنەی هیچ کسک برگری لە ناکات جگە لە زربا نبت، فریای دکوت. زربا ووبووەیان دبتوە و هرانتس لناو ئازار و بردبارانکردن و لدان لە ژێر دستیان دردنت. بۆ هکاری ئوەی گنجک لە پناو خشویستییەکەی کتایی بە ژیانی خی هناوە، دیانوت لە تەی ئو گنجە بیکوژن. دواتر کوشتنی هرانتسی بوژن لە لایەن مافراندنی باوکی گنجە خکوژکە کە بە چەقۆ پلاماری دەدات و ختانی خوەن دکرت و سری لە لاشەی جیا دکاتوە.
ئو بوژنەی هموو پیاوکانی دە مەیان لە گرتبوو و چاویان تە بیبوو و تماحیان تکردبوو. ئینجا ماندکە باس لە چیرکی ژنکی تری بساداچوو دکات بە ناوی (پپلینا) کە بە تنها دژیت. پپلینا پشووتر و سردەمی جوانی و گنجتی، دستی ژنەکان بوو و پیوندی سکسی لگە دبستن. هرچی ئاوی ژیان و تامی گنجتی ئو بوو، هموویان مژی.
کە چوە تمنیشتوە، ئیتر هموان جیانهشت و پشتیان تکرد. ئو میوانخانەیکی بچووک لە دیەکە دکاتوە تا بتوانت لە ژگەیوە

بژیوی ژیانی خۆی دابین بکات. پاشان لەگەڵ زەربا دەکەونە داوی خۆشویستی یەکتریەوە و دواتر دەمرێت و خەڵکی دێ ماڵەکەی هەموو دەبەن، جگە لەو قەرەوێڵەیەی کە لەسەری ئاکشاوە بە مردوەتی، لەگەڵ بولبولەکەی ناو قەفەس نەبێت، ئەویش دواتر زەربا وەک تاقە یادگاری پەپۆلینا لەگەڵ خۆی دەیبات. زەربا بە گواستنەوەی دار لە دارستانەوە، بە سەر لوتکەی چیا کار دەکات لە پێناو بەدیهێنانی خەونەکەی. وەلێ هەموو هەوڵەکانی زەربا بە دروستکردنی پردێک لە نێوان کەناری دەریاکە و چیاکە، تا لە ڕێگایەوە ئاژوو لە شوێنێک بە شوێنێکی تر بگوازێتەوە، شکست دێنێت. پاشان سەرکەی هاوڕێی هەموو سامانەکەی دەخاتە نێو دەستی زەربا، تا بەوات هەموو پێداویستییەک و کەرەستەی پێویست بە کارەکەی بکڕێت. زەربا دڵواتە شار و ئەکەوتی باڵەک دەکات. لەو باڵەدا ژنگەرانیبەژێکی بە تەمەن بچووک کە لەوە کار دەکات، دەناسێت. ژنەکە دەرفەت دەقۆزێتەوە و پێیوەندی لەگەڵ زەربا دەبەستێت و هیچ پارێیەکی پێ ناهێنێت و هەمووی لە جوانیی خۆی و ئابواردن و خواردنەوە و چێژی باڵ پێ سەرف دەکات. زەربا دواتر نامەیەک بە سەرکەی هاوڕێی دەنووسێت و چیرۆکی خۆشویستی خۆی و ئەو ژنگەرانیبەژە و بابەتی نەمانی ئەو پارێیەی کە پێیداوە بە باس دەکات. چیرۆکی ووداوەکانی زەربا بەردەوام دەبێت و دواتر زەربا لەو ژنە جیادەبێتەوە و بە جاری سێیەم ژیانی هاوسەرگیری پێک دێنێت و ئینجا دەچێتە تەمەنەوە و نیشانەکانی پیری لەسەر جەستەی ژیانی هەدی هەدی بەدەردەکەون و چرچ و لەچەکانی بەساڵداچوون لە سەر ووخساری شوێنپەنجەی خۆیان جێ دێڵن و نەخشی پیری دەکێشن. زەربا و سەرکەی هاوڕێی هیچ سامانێکیان بە نامەنێتەوە و بەو چێشنە بە سەما کۆتایی بە چیرۆکەکە دێت و پەردەی ووداوەکانی ووماڵەکە دادەخرێت. خوێنەر لە کۆتایی ڕۆمانی زەربادا هیچ شتێک بەدەست ناهێنێت، جگە لە وڕە و هەزی ئومێد و خۆاگریی و خۆشویستیی مرۆڤ و ژیان نەبێت. لە ڕۆمانی زەربادا، زەر حیکمەت و فەلسەفە و پەند و شت فێر دەبین و کۆسایەتی زەربا وامان لە دەکات بە شێوەیەکی ئەرێنی بڕشداری لە ژیان بکەین و لە جیهان و بوون بڕوانین. زەربا کاریگەرییەکی گەورە و بە وێنە لە سەرت جە دەڕێت و دەتباتە جیهانێکی جیاواز. زەربا ڕۆمانێکە پە لە ئامانی قووە و حیکمەتی ژیان. ڕۆمانێک، هەڵگری کۆمەڵێک فەلسەفەی بڕرز و حیکمەتی بە وێنە و جوان. زەربا هەموو قورسایەکانی ژیان سادە دەکاتەوە و بە هەزی خەندە و بە سەما، شێپەڵی فرمێسکی ئازارکانی دەریای بوون ئادەماڵێت. زەربا گشتێکی فەلسەفییە لە گشنیگایەکی تڕوە بە قووڵایی ژیان و وجوود. گشتێک، پە لە تەئامان و پرسیار و ئەزموون و پەند و حیکمەت. زەربا پێت

دۆتجوانییەک دەی نەبوو و هەستی بە ئازاری مرۆڤایەتی نەکرد، با بەواتە دەزەخ." زەربا هەوەدانەکە بە تێگەیشتن لە ژیان، بە ڕێگایەکی سادە و لە هەمان کاتدا پڕ لە تەئامان و فەلسەفە و بیرکردنەوەی قووڵ. زەربا ڕەمانەکە، فڕی فەلسەفەمان دەکات، بەڵام بە شەوازێکی تر. زەربا پێمان دەڵێت ژیانتان بە هەموو ناخۆشییەکانەوە خۆش بوێت و فڕێغ ئاسا ژیان بە هەموو ناشرینییەکانییەوە با لاتان شیرین بێت. ئەمەی مرۆڤ لەم سەردەمدا چەندە پێویستمان بە هەنگاونان و ڕێگایەی زەربا. ڕێگایەک، پڕ لە خۆشویستی و مرۆڤبوون، پڕ لە ئومێد و خۆاگری و سادەیی، پڕ لە تەئامان و جوانی.

ڕێگایەک، دەنکی گەورە و هەستێکی بەرز دەوری داوە و سەما دایپۆشیوە و بە فەرشی عیشق تەنراوە. زەربا سەر بە هیچ قوتابخانەیەکی فیکری و فەلسەفی نەبوو، لەو قوتابخانە فیکری و فەلسەفییانەی لەناو پەرتووکەکاندا هەن. ئەو مرۆڤێکی سادەیە و خاوەنی کومەڵێک تێگەیشتنە لە بارەی ژیان و گەردوون و سروشت و میتافزیکا و مرۆڤ و بوون کە تەنها لە ئەزموونی تایبەتی خۆیەوە فەریان بووە. لە ڕوانگەی زەرباوە، بەختەوەری لەو هەشیاری و فەلسەفە و زانستانەدا نییە کە فەلسەفە و زانست پشکشی ژیانی دەکەن، بەڵکو لەو زانیارییەدایە کە لە ڕێگەی ئەزموون و دەڕوە پەیان دەگەین. ئەو جیهانبینییەی زەربا، مانای وا نییە ئەقڵ بە تەواوی ڕەت بکاتەوە و پشتگوێی دەخات. نەخێر، بەڵکو ئەو ڕەخنەی ئەقڵێکی ڕووت و پەتی و وشکی میکانیکی بە ڕەح دەکات. زەربا بانگەوازەکە بە ئەزموونکردن و خۆشویستی. خۆشویستی خەمان و هەموو ئەوانیتر. خۆشویستی وەات و هاونیشتیمانییان. خۆشویستی هەموو مرۆڤایەتی. زەربا دەنگی ویژدان و هەزی ناوەکی مرۆڤ. زەربا بانگەوازەکە بە بیرکردنەوە بە جەستە و دە و ئەقڵ، بیرکردنەوەیەکی گشتگیر. بانگەوازەکە بە ژیانکردن بە جۆرێکی تری جیا لەوەی ئێستا. زەربا داوامان لە دەکات لە بری زاراوەی ڕق، زمانی ئیشق و سەما بکەین بە زمانێکی جیهانی نەوان مرۆڤکان. زەربا تا هەرمان(ئەبەد) بە نەمری و وەکو ئایکۆنێکی بەرز و بە وەنە و شاکارێکی مرۆڤایەتی دەمێنێتەوە. ئایکۆنێک، لە هەموو زەمان و شوێنکدا و لە نەوان هەموو کەسکدا ڕەحی خۆشویستی بەاو دەکاتەوە و بەهای مرۆڤایەتی فڕی مرۆڤکان دەکات و جوانیی لە ژیاندا جێگیر دەکات.
زەربا مرۆڤکە، پڕ لە هەست و بەها و سادەیی و جوانیی. مرۆڤکە، خاوەنی دەنکی گەورەیە و نایەوەت سووکترین و بچووکترین ئازار بە هیچ کەسێک بگەیەنێت و هەستی کەس بریندار بکات. ئەو بیر لە

ابردوو ناکاتەوە و داهاتوویش لای ئەو گرنگ نییە. تاقە شتێک لە سەنتەری بیرکردنەوەی ئەودا، ئەو پاروو نانێیە ئێستا دەیخوات و ئەو ژنەیە کە پێیوانـدی لەگەڵ دەبەستێت و ئەو خۆشەویستییەیە، پشکێش بە مرۆڤایەتی دەکات. ئەو ئازادیی و ژیانی خۆی بە هیچ شتێکەوە نابەستێتەوە. لەگەڵ زەربا هاوڕیان دژ بیت، ئەوە هیچ لە کەسایەتی و گەورەیی ئەو کاراکتەرە جیاواز و مرۆڤدۆست و گەورەیە کەم ناکاتەوە. زەربا کەسایەتییەکە، هەندێک بە نەزان و هەندێک بە شێت و هەندێک بە پیاوی جنس و سوارچاکی باوەشی ژن و ئابواردنی دەزانن. چونکە لە تێڕوانینی ئەواندا، زەربا هیچ نییە جگە لە کاراکتەرێک کە هەموو فەلسەفەی ژیانی لە کار و شەراب و نان و ژن کورت کردووەتەوە. بەشێکی تریش بە حەکیم و فەیلەسووف و دانا پێناسەی دەکەن. زەربا لە یەک کاتدا هەموو ئەوانەیە کە باسمان کرد. کارەکتەری زەربا سنووری کانی کات و زەمان و زمان دەبڕێت. زەربا کاتێک ناتوانێ بە زمان گوزارشت لە هزر و هەستی خۆی بکات و سەرکی هاوڕێی تێبگەیەنێت لە یەکێک لەو دایەلەکانەی نەوانیان، پێی دەڵێت"سەمات بۆ دەکەم." زەربا بەو سەمایە دەیەوێت سنووری کانی زمان تێک بشکێنێت و بە زمانی جەستە و زمانی سەما، مرۆڤکان تێبگەیەنێت. زەربا دەیەوێت لە جیهاندا دنیایەکی نموونەیی بەرز و تاکەکی ژیاندۆست دروست بێت. تاکێک، سنووری کانی ئایدەلەژیا و دین و نەتەوە و ڕەگەز ببڕێت و هەموو جیاوازییەکان بسڕێتەوە و تەنها بڵێت"من مرۆڤم." نووسەر لە ڕێگای زەرباوە هەموو ئەو بیروبۆچوون و فەلسەفەی خۆی کە پێشووتر زەمینەی بۆ نەخساوە و زرووفێک بۆی نەگونجاوە تا دەریان ببڕێت و باسیان بکات، هەمووی دەخاتە ناو شاکارە مەزنەکەی زەربا و لە دوورگەی گریک و لەو شوێنەی کە بە کەمێک تابووی فیکری و تەقلیدی و تێگەیشتنی ناشیرین لە بارەی ژن و ژیان و مرۆڤەوە دەوردراوە، بەاو دەکاتەوە و هەموو کەتوبەندکان تێکوپێک دەشکێنێت. زەربا ڕێخنەگرتنە لەو تێڕوانینە پاتریارک و نەرسالار و نامرۆڤانەیەی لە کۆمەڵگە پیاوگەرا و تەقلیدییەکان کە ژن تەنها وەک کائینێکی بێ دەسەڵات و بووکێنەی دەستی ئارەزووکانی نەرینە و موڵکی پیاو دەبینێت. ئەو تێڕوانینە سەقەت و داخراوەی وێنەی ژن تەنها لە جەستەیەکی ڕووتدا دەبینێت. بە تایبەتی کەمێی گریکی ئەوسا و ئەو تێڕوانینە وشک و نەگەتیف و دەڕەقییەی تاکی گریکی لە بەرانبەر ژن و بە تایبەتی ژنە بەوەژن(هەرانتس) کە بە کوشتنی کەتایی هات. کوشتنێکی تراژیدی و نامرۆڤانە. لە زەربادا کازانتزاکیس بە فەلسەفە تایبەتییەکەی خۆی، مشتومڕێکی پرسی ئەزەلی تایبەت بە ژیان و مرۆڤ و بوون و عەدەم دەکات. وەک: بۆچی دەمرین؟ بۆچی دەژین؟ دوای مردن ئەمە بۆ کوێ دەچین؟ ئەمە لە

کۆی هاتووین؟ بۆچی خەمبار دەبین؟ بۆچی دڵخۆش دەبین؟
ئایە ژیان ئەو دەهەنەت کە لە پێناویدا بجەنگین؟ وەڵامی هەموو ئەو پرسە فەلسەفییانەیش لە ڕۆگای کارکتەرە نەخوێندەوار و سادەکەی زەرباوە دەداتەوە و پێمان دەڵێت: تا دەتوانیت چێژ لە ژیان بگرە و بەختەوەر و دوور لە خەم بژی و دژەفەت مەدە هیچ خۆشییەک لەدەست بدەیت و هووبووی ژیان بگرەوە و لەگەڵ نەهامەتیی و ناخۆشیی و ئازارکانی بوون بجەنگە و هەرگیز لەنەگەیەیت چەکت پەدابدەن و لە هەوڵدان نەکەویت و شکست نەخۆیت لە بڕانبەر ناڕەحەتییەکان. ئەوەی تر لە کۆی هاتووین و بۆ کوێ دەچین، هەمووی بهاوەژە دەزانخ و کونجی لەبیرچوونەوە و پڕاوێزی فڕامۆشی و هیچ گرنگییەکیان پێ مەدە و ئیتر ژیان بکە، ژیان. هەروەها زەربا باسکردنی لە ئافاتەکانی ئەقڵی بۆشڕیی، ئەقڵکی میکانیکی هووت. ئەقڵک، بڕدەوام لە بیرکردنەوە و دەڵاوکە و تەددووددا دەژیت. ئەو ئەقڵپەتییەی ژیان لە سایەیدا هیچ واتایەکی بۆ نامێنێتەوە. نووسەر ئەو جۆرە ئەقڵ و ئەقڵییەتە لە کارکتەر و کەسایەتی سەرەک و هەڵوەست و بیرکردنەوەکانیدا لەو ڕەمانەدا بەرجەستە کردووە، لە بڕامبەر ئەقڵی کارکتەری زەربا، ئەقڵکی سادە کە سەرچاوەی بەیارکانی تەنها ئیلهامی دەڵکی پاک و ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی ژیانن.
ئەقڵک، بۆ هیچ گرێیەکی قورس و تەفسیرکی فەلسەفیی تەمومژاویی و ناڕوون و بۆ هیچ بیرکردنەوەیەکی قووڵ، لەوپەڕی سادەییدا بەیار دەدات و هەڵوەست وەردەگرێت. هەروەها زەربا ڕەخنەیە لە سیستەم و ئەقڵییەتی سەرمایەداری. ئەو ئەقڵییەت و سیستەمە سەرمایەدارییەی کە تەنها لە ڕەهەندکەوە مرۆڤ دەبینێت و مرۆڤی تاکڕەهەند دروست دەکات. لە کاتێکدا مرۆڤ لە کەمەڵک ڕەهەندی جیاواز پێک هاتووە. مرۆڤ بیردەکاتەوە و خۆشویستی دەکات و ئەق دەیگرێت و سەرکەوتن بە دەست دێنێت و تووشی شکستیش دەبێت. لایەکی تری زەربا ڕەخنەگرتنە لە چەپەکان و شۆڕشی شیوعییەکان و سیستەمی حوکمڕانییان.
لە ڕۆگای نموونەی ئەو دێیە بچووکەی کە خاتوو (پۆپۆلینا) تێیدا دەژیت. لە ڕۆگای نموونەی دیمەنی دەوردانی ماڵکەی(پۆپۆلینا.) لەگەڵ بەاوبوونەوەی هەوای مردنی پۆپۆلینا، خڵکی دێیەکە خەرا هەرش دێنن و هەموو ماڵکەی تاڵان دەکەن. دیمەنەکە، دێی کارکتەری زەربا و هەموو ئەوانەی ئەو ڕەمانە دەخوێننەوە، دەگوشێت و ئازاریان دەدات و ناخیان دەکوڵێنێت. پۆپۆلینا هەشتا نەمردووە و لە سەرەمەرگ و دواهەناسە و کۆتا ساتەکانی ژیانیدایە. کەمەڵک مرۆڤەک دژن و هەموو مریشکەکانی دەبڕن.
زەربا بەرجەستەکەری کەسایەتییەکی وجوودیی و بوونگەرایە.

کۆمەڵایەتییەک، جگە لە بنەماکانی مرۆڤبوون، بە هیچ شتێکی تر پابەند نابێت. خۆشەویستی، ڕق، گەشتن و دابڕان، ئومێد و نائومێدی، هەمنیی و شێتیی، هەموو ئەو پارادۆکسانە لەڕ و لەزرباکەی کازانتزاکیس دەبینیت.
ماوەتەوە بڵێم:
خۆزگەری ئەم نامانە، گەر جیاوازییەکان قبووڵ نەکات و هاوگری حەزکی گەورە و خاوێنی دڵکی فراوان نەبێت، ئەوە هەرگیز ناتوانێت هاوسەنگاندنکی جوان و بەیارێکی شایستە بدات لەبارەی زرباوە.

شەماڵ بارەوانی

هاوسەنگییان لە نائومێدیدا ناوێت.. نەوزاد بەندی

هاوسەنگیی و مامناوەندیی بوون، کارێکی قورس و خەماندووکردنی ئەوێت، بە نمونە تۆ دارەسایەک لە هەر سەرکیشێوە بە دوای خۆتا ئاکۆشیت، زۆر ئاسانە و ئەتوانیت بە ئاکردنیش لەگەڵ خۆتا بیبەیت، ئەوە پێی ئەووترێ تۆتەروف یان پەنگیریی .. بەڵام ئەگەر لە نائومێدیدا دارەساکەدا و لە خاڵی هاوسەنگییەوە، دارەساکە هەڵبگریت، ئەوا ئەبێ زۆر بە هەمنیی بەیت و زۆر ئاگاداربیت تاکو هاوسەنگکەی تێک نچێ و بە ئاست و چەپدا نکەوێت، وەک ئەو پاڵەوانی سەرکی کە بڕیەکی درێژی بە دەستەوێ و لە خاڵی هاوسەنگکێوە هەڵیگرتووە و بە هەواشیی بەسەر گوریسکدا ئەڕوات، ئەم پێی ئەوترێ هاوسەنگیی، بە هێوە پاڵەوانکە ئەتوانێ خۆیشی هاوسەنگ بکا و بەسەر گوریسکەدا بپەڕێتەوە .. خوایش ئاماژە بە شونکەوتووانی ئەکات: (ئەوەمان بە کەمەڵگایەکی مامناوەند دروست کرد).
لە ئاستیدا ئەو ووتانەی هاوسەنگیی ئاینیی و سیاسی و ئابوریی و کۆمەڵایەتیی و کولتووریان ئاگرتووە، بوون بە کەمەڵگای هەسەن و

پشکۆتوو، توانیویانێ یاسا و ژیان و گوزەران بۆ تاک بۆ تاکیان دابین بکەن، ئەویش عەقڵ و سەروەریی یاسا و کارکردنی ووردی ئەوە.
بەڵام لە کەمپەینگا پێگیرکاندا، عەقڵ و یاسا پێاوەز ئەخرێن، کەمپەینگا پارچە پارچە ئەبێت، چەند خزانکی دەستێیشتووی دەسەاتدار شاهانە ئەژین و کەمپەینگا بۆ دوای خیاندا ڕائەکێشن.
شایانی ووتنە ئەوانەی سەرکردایەتی جیهانی ئەمرۆ ئەکەن، بۆ خیان هاوسەنگییەکی ووردیان پێیەو کردووە، بەڵام بۆ ووەاتانی تر لە هەوڵی تەکدانی هاوسەنگیدان و گرنگی بۆ ناهاوسەنگیی و پێگیریی دەدەن، هەر بۆیەی سیاسەتی وەزارەتی ناوخۆ و دەرەوەیان لە سەدا سەد جیاوازە.
کاتێ فەرمانەوایەکی هاوسەنگ و خاکیی و سادەی وەک عەبدولکەریم قاسم لە عەراقدا دروست ئەبێ، ناهەڵن لە سێ چوار ساڵ زیاتر فەرمانەوایی بگرێتە دەست و ئەیەوخەنن، بەڵام دەسەاتکی پێگیر و خۆ پەرست و دەمارگیری وەک سەدام حسەن زیاتر لە 35 ساڵ پشتگیریی ئەکرێت و ئەپارێزرێت. دوای ئەویش دەسەاتی پێگیر و خۆپەرستی شیعە و کورد بۆ ساڵەهای ساڵ و تا هەنووکەیش پشتگیریی نەودەوەتییان لێدەکرێ، تا کار گەیشتێتە بۆ موچە کردن و برسیکردنی تەواوی کورد و ..وەرانبونی تەواوی پارێزگاکانی تری عەراق، لە بەرامبەردا کەمەک لە زیادە ڕەو و ملیاردێر و خۆپەرست وشکەنگێز هەڵتەقیون.
یان لە ووەاتکی وەک میسردا، بۆ توندیی پشتگیریی نەودەوەتیی لە فەرمانەوا گەلکی وەک جەمال و موبارەک و سیسی کراوە و ئەکرێ چونکە پێگیر و ناهاوسەنگ و خۆپەرست و میللەتکوژ بوون ، بەڵام بۆ توندی دژی سادات و مورسی دەوستنەوە چونکە وازیان لە پێگیریی و دوژمنایەتیی ناوخۆ و دەرەوە هێنا و ویستیان فەرمانەوایەکی هاوسەنگ بێنن گەڵێ.
کەچی کاتێ لە ماڵی خیاندا جەنەاڵکی وەک نەریگا لە پەنەما ، چەقارا لە کوبا، جەنەاڵە دەمارگیرکانی کرواتیا بۆ سەرکایەتی بیگۆڤیچ یاخی ئەبێن و ئەیانەوە هاوسەنگکیان لە تەک بدەن، هەزکانی ئەف بی ئای دارستان بۆ دارستان و کون بۆ کون دوایان دەکەون هەتا ئەیانگرن و لەناویان ئەبەن .. گرنگ نییە چەقارا مرۆڤدست بووبێ و بیگۆڤیچ تاوانباری جەنگ، بەڵکو گرنگ ئەوەیە هاوسەنگیی سیستمی کەمپەگای ئەژئاوا نەشێوێت. لە بەرامبەردا چەندین تاقمی دەمارگیر و ناهاوسەنگی وەک قاعیدە و داعش دروست ئەکەن و هەیانئەدەنە ناو کەمپەگاکانی ئەژهەاتی ناوەاستەوە.
ئەوانە بەڵگەی ئەوەن کە ئەمە ئەمە لە بەردەم شەی شارستانییەکاندا ین، شەکی ووردو و بەرنامە بۆ داڕشتراوە .

کاتی شای ئێران ئێستا زیاتر ئەمەیش ووڵاتەکی زلهێزین و پشتیستمان بە پاشکۆیەتیی ئەمریکا نییە، کاتێکیش سەدام حسێن ئێستا زیاتر ئەمەیش زلهێزین و خاوەنی چەکی ئەتۆمیین، ئەم دوو ئاماژەیە واتای ئازادی نیشتمانیی و هاوسەنگیی یاسایی و دەستووریی دەگەیەنێت کە لای زلهێزەکانی ئەوروپا و ئەمریکا جێگای قبوڵکردن نییە، هەر بۆیە ئەو دوو ووتەیە بوونە هۆی لێناوچوونی هەردوو دەسەڵات.
کاتێکیش و لە دوای مەر کردنی پەیماننامەی ئاشتی نەوان میسر و ئیسرائیل ناسراو بە پەیماننامەی کامپ دەیڤید، باڵیۆزەکانی چەند وڵاتێکی ئەوروپیی دەنێرە لای ئەنوەر سادات و پێی دەڵێن ئەم پەیماننامەیە نابێ ستراتیجی فەرمانڕەوایی میسر بگۆڕێت و ئەبێ گەلانی میسر هەر بە هەژاریی و نەزانیی بهێڵرێنەوە .واتا پشتیستە فەرمانڕەوایی پێگیر لە میسردا هەر بەردەوام بێ و میللەت لە دەزگەخدا بێ و دەسەڵاتدارانیش لە کشکەکانی شەرملشێخدا خەریکی ڕابواردن بن. سادات ئەم داوایەی باڵیۆزەکانی ئەوروپای پێت کردەوە، ئیتر بە جۆرێ لە جۆرەکان تیرۆریان کرد.
هەر بۆیە پشتیستە بە لایەنی کەمەوە ئاگادار بین چی لە ناوچەکەماندا ئەگوزەرێت.
هەشتەوەی ئەزمەی ئێران بەو حاڵە ناهاوسەنگیی و پێگیریێ بە گەلانی ئێران و گەلانی ناوچەکە بە زیاتر لە 46 ساڵ، مانای چی دەگەیەنێت؟ لە کاتێکدا بە حیساب دوژمنی سەرسەختی ئەمریکایە .
تەماشا بکەن لە ووڵاتێکی وەک عێراقدا بە کوردستانیشەوە، سەدان زیاترە چەندین شەڕش و کەدەتا ڕوویان دا و گەلانی عێراق چەندەها شەو و ڕۆژ ئاهەنگی سەرکەوتنیان گێڕا، کەچی دەخی گەلانی عێراق لە ناهاوسەنگییەوە بە ناهاوسەنگیی زیاتر مل ئەنێت، زانا و بیریار و داناکانی قەتە و عام ئەکرێن، یان ڕائەکێن و سەری خۆیان هەڵئەگرن، میللەت برسی و نەزان و ئاوارە ئەکرێت، ئەپچڕێت لە جەنگی بە مانای ناوخۆیی و نەودەتییەوە.. برسی و تینوو و بە خزمەتگوزاریی ئەکرێ، کەمەڵە دەسەڵاتداری مەزهەبی و دوژمن و دەمارگیر و خۆپەرست، تیرۆ پەرست، خێڵپەرست و خەزانپەرست فەرمانڕەوایی دەکەن، ئەمریکیی و ئەوروپییەکانیش بە دڵیان ساڵ پشتگیریی و پشوازییان لەدەکەن. کار گەیشتەتە بە موچەکردنی میللەت، کە ئەمە گەورەترین جینساید، چونکە تەنانەت لە زیندانیشدا دەست نابرێت بە گوزەران و قوتی زیندانییەکان، کەچی ئەبینین دەسەڵاتدارێ کۆمۆنیالیستەکانی ئەوروپا و ئەمریکا زۆر بە ئاسایی دەخەکە قبوڵ ئەکەن و ..پشوازیی گەرم لەو تاوانبارانەی جەنگ ئەکەن کە میللەتی عێراقیان بردووە بە ناخی زەمیندا.
بەڵام کاتێ ووڵاتێکی وەک یەنان ئیفلاسبوونی خۆی ڕادەگەیەنێت،

ئەوروپا و ئەمریکا یارمەتیی خەرای بە هەوانە دەکەن، بە ئەوەی ناهاوسەنگیی نێوەتە ناو مالی ئەوروپاوە.
ئەم دۆخە ناهاوسەنگییەی ووڵاتانی موسوڵمانی هەژموونی ناوەڕاست، وای لە نوسەرێکی وەک عەلی شەریعەتیی کرد بڵێ : هیچ چارەسەرێکمان نییە، تەنها و تەنها ئەبێ بگەڕێنەوە بۆ هەسەنی خومەین، بۆ شارستانێتیی خومان.
ئەم گەڕانەوەیە بۆ هەسەن و شارستانیی، واتا وازهێنان لە ئەجندای کۆنیالیستە جیهانییەکان، چونکە ئەوان هەرچی خێر و خێشییە بۆ خەیانیان گەرەکە و .. هەرچی ناخێشیی و ناتەبایی و شەڕ و برسێتیی و نەزانیشە بۆ باڵای میللەتانی هەژموونی ناوەڕاستیدا ئەبەن..
هەمنترین و ئارامترین شاری جیهان کە ڤیەنای وڵاتای نەمسایە، تەپیی نەمساویی دروست ئەکا و ئەبێ لە ووڵاتانی هەژموونی ناوەڕاستدا بتەقێنرێن. ڤلادیمیر پۆتن وتی: زیاتر لە 68 جەر چەکی نوەمان لە سوریادا تاقیکردەوە ..
ئەنجامەکەیشی ئەوبوو، گەلانی سوریا بوون بە قەسابخانە و.. ئەویشمان لە یاد نەچێت دکتەر عەلی شەریعەتی تیرەرکرا ..!

نەوزاد بەندی

سەبارەت بە کارەساتی بەنزینخانەکەی هەولێر و لە پێوەندبە بە کرامەتی ناسیۆنالیستانی کوردەوە!.. سابیر محەمەد

لە ڕۆژی ٦ /٨/ ٢٠٢٥ لە شاری هەولێر لە نزیک بازاڕی ماجدی مەکارەندانی بەنزینخانەی شەر(SHER Oil) ، سەکەسی بەتاوانی کوشتوە ، دوانیان گشتیاری عەرەب زمان بوون کە یەکێکیان بە ناوی "حمودی ریاض" وە پاڵەوانی لەشجوانی عەراق بوو ، لەگەڵ هاوڕێکەی ،

هەروەها کەسی سێیەم کە کرێکارێکی کورد بوو وە لەو نزیکانە بوو ، هەرسەکیان بەبێ تاوان کوژران لەو کاتەدا ، بکوژ دەستبەجێ لە ماوەیەکی زۆر کورتدا دەستی ئێگاتە چەکی کارەندی سیکرێتی بەنزینخانەکە و ، ئەم کارە وەحشیەی پێئەنجامداوە .
لەبارەی لێکۆڵینەوەو وردەکاری ئەم کارەساتە دەتەزێن و نامرێیە ، گەلێک پرسیار و ناڕوشنی گەورەو پچوک لە خۆ ئێگرێت ، لەسەر هێوشی شارەزایانەی و بەردەوامبوونی لە تاقیکردندا وە سووربوونی لە سەر ئەوەی کە پێویستە سەد لەسەد دڵنیا بێت لە کوشتنیان ، هەروەها چۆن وە بە چ شێوەیەک وە چۆن لە ماوەیەکی کورتدا توانیوێتی دەستی بگاتە چەکی کەمپانیای سیکرێتیەکە ، هەموو ئەمانەو شتەکانی تریش جێگای پرسیار و گومانن .
مەدیای مەلیشیا کوردیەکان ئەم کێشەیە بەوە ئەبەستنەوە کە کەسی بکوژ لە هووی دەرونیەوە نەخۆش بووە!
مەدیا چەواشەکارە جار بەجار کانی مەلیشیا دەسەڵاتدارەکانی کورد ، چاو پێشی لە بوونی هێوتکی کۆنەپەرستانەو کوردانەیەی میللی ئەکەن کە لەبەرامبەر عەرب زمانەکاندا و زمانەکانی تری گەلانی ناوچەکە پیادە ئەکرێت .
دەسەڵاتی میلیشیایی کورد پشت بە ئاماری تاوانکانی کوشتن ئەبەستێت لە وڵاتە ئیمپریالیستیە پشکۆوتوکانی جیهان وەک ئەمریکا ، بە پەردەپۆشکردن و هەواڵدانی تاوانی لەمجۆرە ، کە پەیوەندیان بە هەزرو بۆچوونێک و پەروەردەو فێرکردنکی هێگزپەرستانەی کوردانەی ناسیۆنالیستی (کوردایەتی) یەوە هەیە ، لە چێشنی " داکۆکیکردن لە کەرامەتی قەومی کوردان " وە کەسایەتی ستەملێکراوی کورد " .
هەڵومەرجی ناکۆکیە سیاسی و ئابووریەکانی هەرێم و بەغدا ، خێی لە خۆیدا هێنگدانەوەیەکی خراپی هەیە ، لەسەر گۆشەی بیروبۆچوونی کوردانەی هێگزپەرستانە ، هەر بۆیە ناو بەناو کێشە و سیناریۆی لەم جۆرانە لەرەو لەوە پێیدا ئەبن ، هەروەک کێشەی جوتیارەکەی کەرکوک بەر لە شەش مانگێک ، کە ئەویش بووە مایەی گۆشەی بیروبۆچوونی هێگزپەرستانەی ناسیۆنالیستی نەوان کوردەکان عەرەبەکان لەو ناوچانەدا ، لە پێناو بەلادابردنی هزری جەماوەر لەسەر کێشە ناوخۆیی و چینایەتیەکانی خەڵکی چەوساوەی ناوچەکە.
هزری کۆنەپەرستانە و کوردانەی ناسیۆنالیستی سەرچاوەی پێیدابوونی دیۆهەا هەوداوی لەمجۆرێیە ، وە درێژەشیان ئەبێت و بگرە بەرەو ئاستێیکی خراپتردا ئەڕۆن.
دەسەڵاتی میلیشیایی کورد لەو ناوچێیدا پەرە بەم جۆرە هزرو پەروەردە سیاسیە ناسیۆنالیستیە ئەدات ، لە پێناو خزمەت بە

ئەجێندا کانی خۆیان لە ناوچەکەدا .
دەسەڵاتی میلیشیایی ، لەسەر بنەمای سیاسەتکی دوولایەنە کار ئەکات ؛ لەلایەک کەنەپەرستی قەومی دەرخواردی خەڵک ئەدات ، لەلایەکی تریشەوە لە سات و سەودایەکدا بەرژوا حاکمەکانی بەغدا ، لە پێناو ئیمتیازات و پتەوکردنی ئابووری خۆی ، چونکە ئابووری ناوچەی هەرێم وابەستەیە بە ئابووری ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە .
سەکتەری گەشتیاری و جموجووڵ و گەشەی سەرمایە و کەین و فرۆشتن لە شارەکانی هەرێم داستەوخۆ بە جەماوەری عەرەب زمانەوە بەستراوەتەوە ، وە ئەگەر خەڵکی ناوەراست و باشوری عێراق وەک گەشتیار نەوونەکانە شارو شارۆچکەکانی ناوچە کوردیەکان ، تەواوی پێژەو سەرمایەکیان ئەکەوتە مەترسیەوە هەبووی قەیرانکی گەورە ئەبن ،، هەروەک لە ماوەی ئێم دوو هەفتەی ڕابوردوودا گەلی عەلی بەگ و ئەو شوێنە گەشتوگوزاریانە ئەو ناوە ، دەرگیری قەیرانکی گەورەی نەبوونی گەشتیارە عەرەب زمانەکان بوون لەو ناوچانەدا ، وە هەکلام ئەکەن بە هاتنی زیاتری گەشتیارەکان.
لە کۆتاییدا وە لەسەر هەشنایی ئێم هەوداوانەی کە لەڕو لەوە هەو ئەدەن ، قەشتکی گەورەی کەمەایەتی لە نەوان پکهاتە نەتەوەییەکانی عێراقدا دروست ئەبێت ، وە بەڕو ئاکامکی زۆر خراپتر ئەوات ، هەر بۆیە دەسەاتداریەتی میلیشیایی هەرێم و دامودەزگاکانی بەرپرسن لە ژیان و سەلامەتی وە بژێوی و ئارامی ژیانی خەڵک تەواوی خەڵک لەهەموو شارو شارۆچکەکانی هەرێم . ..
صابر .م
٢٠٢٥ /٩/٨